**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٧٢٥٠ لە ٢٠٢٦/٣/٤**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**هێنانەکایەی و فراوانکردنی گوندی (پیرخولین نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو و تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٧١) لە ٢٠٢٦/١/١٥ ولە بەر بەرژەوەندی گشتی،بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی و فراوانکردنی گوندی (**پیرخولین نوی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/ (٤و٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی گردەسێن/ قائمقامیەتی قەزای ئاکرێ لە سنوری پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بریتیە لە (٣٠، ٢١ ، ١١٤) سەد و چواردە دۆنم و بیست و یەک ئۆلک و سی مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢) لە کەرتی (١١٥/ پیر خوین) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**
**وەزیری ناوخۆ (بەوەکالەت)**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٧٢٥١ لە ٢٠٢٦/٣/٤**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**فراوانکردنی گوندی (نێزگزلیە)**

بەپێی ئەوە دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو و تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٧٨٨) لە٢٠٢٦/٢/٨ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی و فراوانکردنی گوندی (**نێزگزلیە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/ (٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائمقامیەتی قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (-،٣٢،١٧) سی و دوو دۆنم و حەڤدە ئۆلک لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١) لە کەرتی (٢٦/نێزگزلیە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**